# ڕەخنەی شیعر

ئۆلیڤەر فریجێری

لە عەرەبییەوە: ڕێبوار حەسەن

ئەو تایبەتمەندییە بنەڕەتییەی کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێت لە کاتی مشتومڕکردنی پەیوەندی نێوان هونەرو رەخنەدا ئەوەیە کە هونەر داهێنانەو، رەخنەش کارێکی زانستی کۆبوونەوەی هەردوو وەزیفەکە پێکەوە. دەشێ کورت بکرێتەوە بەسەر ژمارەیەکی دیاریکراوی خەڵکیدا کاتێک کەوا روودەدات هەردووک (هونەرو رەخنە) لە یەک کەسدا کۆدەبنەوە هەروەک لە شاعیری گەورە (ت.س.ئالیوت) یان ڕۆمانونسی گەورە (د.ج. لۆرانس)، ئەوا بەئاسانی مرۆڤ بۆی دەردەکەوێت کە هزری پەتی کاریگەری لەسەر رۆحی ئیستاتیکی هەیەو هەروەها بەپێچەوانەشەوە.

لانی کەم لەو کاتەوەی کە بونیادگەری بووە بە سەرچاوەیەک بۆ هەموو رەخنەگرێکی پسپۆر، بەئاسانی ئەم شێوە دەست تێوەردانە تەواو قەبووڵ نەکراوە، شاعیرو رخنەگر وا دەردەکەون وەک ئەوەی هەریەکەیان لە لایەکی دژ بەئەویتر خۆی ببینێتەوە، هەردووکیشیان ئاگایان لەو جیاوازییە جەوهەرییە کە سروشتی تایبەتی هەریەکەیان هەیەتی، کاتێک کە شاعیرێتی لە یەک کەسایەتیدا کۆدەبێتەوە، دەبێت ئەو کەسە ئاگای لەو جیاوازییە بێت و سنوورە جیاکەرەوەکانی دیاری بکات و بەخۆی بزانێت کە دوو هێڵی تەریبە هەرگیز بەیەک ناگەن، ئەمەش بەگوێرەی پێوەرە هاوچەرخەکان.

### دیدگایەکی مێژوویی

کەلەپووری رەخنەی ئەدەبی بەشێوەیەکی

بەرچاو زۆرینەی پشکدارییە بەهادارەکانی شاعیرە گەورەکان دەگرێتەوە فەیلەسوفە کلاسیکییەکان مەیلی تێکهەڵکێشکردنی حوکمە رەخنەییەکانیان هەبووە لەناو تێڕوانینە فیکرییەکانیان بۆ ژیان، بۆ نموونە ئەفلاتون و ئەرستۆ، ئەم دوو فەیلەسوفە بەشێوەیەکی جەوهەریی لە دیدێکی میتافیزیکی و ئەبستمۆلۆژی و مۆرالییەوە مامەڵەیان لەگەڵ شیعردا کردووە، بەڵام هۆراس کە شاعیرێکی گەورەیە، لە کتێبی (هونەر شیعر) سەرکەوتن بەدەستدێنێت لە وەرگێرانی چەمکە شیعرییەکان بۆ زنجیرەیەک لە خوازەی لێوانلێو لە زیندوویتی و ژیان. ئاشکرایە ئەو رێساو شێوازانەی کە دەبێت شاعیرەکان پەیڕەوی لێبکەن، نموونەکەی لە چاخی رێنیسانسدا لە لایەن ژمارەیەکی زۆری داهێنەرانی دیکەوە پێڕەویکراوە. رۆشنبیریش وەک کیانێکی سەربەخۆو موتەکامیل لە لێکۆڵینەوە مرۆییەکان دەڕوانێت کە ناکرێت بەئاسانی دابەش بکرێتە سەر بەشێکی خاوەن روخساری روون، ئەوەشی کە چاخی رێنیسانس زاراوەی (ئەزموونی ئەدەبی) بەسەردا بریوە، مەبەست لێی گەیشتن بوو بەدیدێکی بنەڕەتی بۆ هەموو توانستە مرۆییەکان کە دەشێت هانبدرێن بۆ دۆزینەوەو هەڵسەنگاندنی رۆح.

کەواتە شتێکی ئاسایی دەبوو ئەگەر شاعیرێک لە بارەی هونەرەوە وەکو زانستێک قسەی بکردایە، یان بەمانایەکی دیکە وەکو سیستمێکی تەکنیکی، لێرەشدا هێندە بەسە لەم بارەیەوە کە ئاماژە بدرێت بەکتێبی مارکۆ غیر لامۆ (هونەری شیعر)، کتێبی نیکۆلاس پۆیلۆ بەهەمان ناونیشان (هونەری شیعر ساڵی ١٦٧٤ز)، هەروەها کتێبەکەی ئەلێکساندەر پۆپ (وتارێک لە بارەی شیعرەوە ساڵی ١٧١١ز) هەر خودی رێکخستنی شیعربوو کە بووە ئامرازێک بۆ توێژینەوەی مومارەسەی ئەفراندن کە پشتی بەکێش دەبەست، ئێستاش بەشێوەیەکی فراوان، ئەگەر شاعیرێک بیەوێت توێژینەوەیەک لە بوارە بنەڕەتییەکانی شیعر ئەنجام بدات، پێویستە خۆی وەکو کەسێکی شاعیر هەڵسوکەوت بکات.

لە لایەکی دیکەوە هەندێک لێکۆڵینەوەی دیار هەن کە ئیلهامیان لە شرۆڤەکانی ئەرستۆوە وەرگرتووەو تەنانەت دارشتنیشیان بەشێوەیەکی فراوان پشتی بەو شرۆڤانە بەستووە، وەکو هەردوو لێکۆڵینەوەکەی ئەنتۆنیۆ مۆنتۆرنۆ «شیعری ئازاد»و «هونەری شیعری» ساڵی ١٥٦٤، هەروەها لێکۆڵینەوەکەی یۆلیۆس قەیسەر سکالیجەر «هونەری حەوت شیعرە ئازادەکە» ساڵی ١٥٦١، لە مومارەسەی کارێکی وەهادا، دەشێت مرۆڤ دوو راو دوو سەرنج بدات، ئەگەرچی لەناو دەستتێوەردانێکی بەدەستهاتوودا بێت لەنێوان وەزیفەی ئەفراندن و وەزیفەی پراکتیکی.



ئەلیۆت

**ئیلهام مرۆڤ بەرەو داهێنان کێش دەکات لە کاتێکدا کە توێژینەوە مرۆڤ بەرەو دەرەنجامی لۆژیکی دەبات**

پێویستە ئاماژە بەو کارانە بدەین کە سروشتێکی بەهانە ئامێزیان هەیەو پێویستییەک دەیانوروژێنێت کە بۆ پارێزگاریکردن لە کرۆکی شیعرو رۆڵی شیعر لە دژی هێرشی شەخسییەتی ئەدەبی هەژموندار پێویستە، وەکو کتێبەکەی یواکیم دۆبیلای «پارێزگاریکردن لە زمانی فرانکفۆنی و تەشەنەکردنی ساڵی ١٥٩٤»،کتێبی سکالیجەر «بوختانە گوتارێک دژی شیعر» هەروەها کتێبی سیر فیلیپ» سیدنی «پارێزگاریکردن لە شیعر، ساڵی ١٥٩٥».

لەپاڵ ئەم پیشاندانە زانستییە بابەتییەدا بەشێوەیەکی جەوهەری شیعر خۆی وەکو

دیاردەیەکی مـــــۆراڵی دەسـەپێنێ، داهێنەرانیش وای دەبـــــــیـــــــنن کەپێداویستییەک هەیە بۆ پێشنیارکردنی شیکردنەوە دیفاعییەکانیان لەکارە تایبەتەکانیان.

تەقلیدی رەخنەیی ئێمە ناتوانین ئەم هەماهەنگییە گەورەیەی شاعیرانی وەکو سیدنی و تاسوو درایدن و پریلۆ پۆپ لەبەرچاو نەگرین، ئەوەش سەلما کە بونیادی ئەوان سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ پسپۆرانی جوانیناسی «ئیستاتیکا» دوای خۆیان، سەرەڕای رەخنەگرەکان ئەوانەی کە خۆیان تەرخان کرد بۆ پێشکەشکردنی هەڵسەنگاندنێکی گشتگیر بۆ ئەو شاعیرانە بەمانایەکی دیکە ئەوانە سەلماندیان کە بونیادەکەشیان بەشێوەیەکی یەکسان بەسوودە بۆ تیۆرەوان و رەخنەگری پراکتیکی و مێژووناسی شیعری، لەگەڵ ئەوەی کە دۆخەکە لە بواری رەخنەدا بەرێژەیەکی زۆر گۆڕاوە، ئەوەش شتێکی ئاسان نییە بۆ مرۆڤ کە بتوانێت خۆی گێل بکات لەو کاریگەرییەی کە شاعیرەکانی پێشوو هەیانبووە لەسەر ئاراستەو رەوتە نوێیەکان. رۆمانتیکییەتیش هانی ئەم بەناو یەکداچوونەوەی وەزیفەکانی داوە، بایەخی زیادیکەیشی پێداوە. پێشەکییەکەی (وۆردز وۆرس) بۆ «چامە لیریکییەکان ساڵی ١٨٠٠»، و کتێبی کۆڵدرج «سەرگوزشتەی ئەدەبی» کتێبی شیللی «پارێزگاریکردن لە شیعر» ساڵی ١٨١١، کتێبی «گوتار»ی لیۆباردی ساڵی ١٨١٨، هەروەها پێشەکییەکەی هۆگۆ بۆ «هێرنانی، ساڵی ١٨٢٩» کتێبی لامارتین «لە بارەی ئایندەی شیعرەوە» ساڵی ١٨٣١ و، «بنەڕەت و کاری ئەدەبی» مۆسکۆ لە ساڵی ١٨٠٩، هەروەها مانیفێستە رەخنەییەکانی زۆرێک لە شاعیرەکانی دیکەی سەدەی نۆزدەهەم کە شوێنێکی دیاریان لە مێژووی رەخنەدا داگیرکردووە، بیروبۆچوونەکانیان لە بارەی پێناسەی رۆمانتیکییەتەوەو رۆڵی شیعرو شاعیر، جوانی و حەقیقەت، وەکو جۆرێکی ئایدیالییە کە هونەر بەدوایدا دەگەڕێ بۆ ئەوەی لەرێگای شیعرو پەیوەندی نێوان شاعیرو کۆمەڵگا دەربیخات، پاشتر لە شێوەی سیستمێکی یەکگرتوودا درکی پێکراوەو، شیکردنەوەشی لەبەررۆشنایی نۆرمە فەلسەفی و سایکۆلۆجی و سیاسی مۆراڵییەکاندا بۆکراوەو، وەکو کۆمەڵەیەکی رەخنەیی جەوهەری سەدەی پێشوو پێشنیارکراوە، هەروەک ئاشکرایە بەتەواوی بواری رەخنەی رۆمانتیکی بەشێوەیەکی فراوان پشت بەهەماهەنگی خودی شاعیرەکان دەبەسێت، ئەوەشی پاشتر توێژەرانی ئەدەبی بەشێوەیەکی زانستییانە پێی هەستاون پێویست بوو لەسەر ئەو بنەمایە بنیات بنرایە کە پێشتر داهێنەران پێشکەشیان کردووە، لە سەدەی بیستەمیشدا شتەکان بەشێوەیەکی ریشەیی گۆڕانیان بەسەرداهات، رەخنەش بە شێوەیەکی پلەپلەیی وەکو بوارێکی ئەکادیمی سەربەخۆ دەرکەوت کە تا ئاستێکی زۆر تەبا بوو، لەگەڵ ئەو شتانەی کە ئەندامەکانی کۆلیژی ئاداب بەرهەمیان دەهێنا، بەدڵنیاییەوە مرۆڤ دەتوانێت بڵێت کە ئاراستە جیاجیاکانی رەخنە لەم سەردەمەماندا بەشێوەیەکی یەکسان بەزانستی دادەنێن، رتنیەو بیلک ئاماژە بەوە دەدەن کە لانی کەم مرۆڤ دەتوانێت شەش ئاراستەی نموونەیی جیابکاتەوە لە ماوەی نیوەی سەدەی بیستەم:

* رەخنەی مارکسی.
* رەخنەی دەرون شیکاری.
* رەخنەی زمانەوانی و ستایلی و شێوەی نوێ.
* رەخنەی ئەفسانەیی

**پێویستە روانینێکی روون و ئاشکرا هەبێت لە بارەی ئەو جۆرە رەخنەیەی کە لە خەیاڵی مرۆڤدا هەیە**

«میتۆدۆلۆژی» کە بەویستی خۆی کار بۆ ئاکامەکانی ئەنسرۆپۆلۆژیای رۆشنبیری دەکات.

* رەخنەی فەلسەفی کە ئیلهامی لە ئاکامەکانی ئەنسرۆپۆلۆژیای رۆشنبیری وەردەگرت.

ئێستا هەریەک لەم ئاراستانە کایەیەکن بۆ کێبڕکێی شرۆڤەکاری و بەڕێگاو پێوەری جیاواز جیاواز جیا دەکرێتەوە.

**رەخنە: ئاگایی بەشتەکان**

دەکرێت هەرجۆرێک لە رەخنە بەتەواوی وەکو ئاگاییە بەهونەرو مەعریفە بزانرێت کە بەکردەییکار مومارەسەی خۆی ئەنجام دەدات مومارەسەکردنی هونەریش پابەندبوونێکی ناچاری نییە بەئامێرە تەکنیکییەکان (کە پەیڕەوی لێکراوە)یا بەهەر کایەیەکی تیمایی کە چرکەساتێکی ئیلهامبەخشی پێشکەش بەئەزموونی باوکردووە. ئەو جیاکەرەوە بنەڕەتییەی کە دەیسەلمێنێ رەخنە پێکهاتەیەکی سوودبەخشی هەیە تەنانەت لە تێگەیشتنی دیاردە مرۆییەکانی دیکەیش جیاوازیکردنە لەنێوان شت و ئاگایی بە شت، تەغتیەی ئەو دوو راییەش (کە شت جیادەکاتەوە لە بیرۆکەکەی یا لە ئاگاییبوون پێی) لە لایەن رەخنەگرەوە ئەنجامدەدرێت لە ئەرکەکەیدا بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی کە بەشێوەیەکی میکانیکی ئەرکەکەی جێبەجێ دەکات لە خستنەڕوویەکی گونجاودا، ئەمە کاتێک کە هونەر ئیشی خۆی دەکات. گوێگرتن بۆ قەسیدەیەک و شیکردنەوەی بۆ بەشە جیاجیاکانی، دوو کاری تەواو لێک جیاوازن، کاریگەری چالاکی گوێگرتن کاریگەری دروستدەکات، لە کاتێکدا دووەمیان ئەوە شیدەکاتەوە کە بەسەر سروشتی مرۆییدادێت کاتێک کە رووبەڕووی کۆمەڵێک پێوەر دەبێتەوە کە بەستایل دەناسرێت، ئەمە لە بەهای رەخنەی زانستی کەم ناکاتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا دەبێت مرۆڤ بەئاگابێت لە حەقیقەتی پێکهاتەی شیکردنەوەکە کە بەشێکی سەربەخۆو جیاواز دەبێت لە عەقڵی مرۆیی، ئیلهام مرۆڤ بەرەو داهێنان کەمەند کێشدەکات لە کاتێکدا کە توێژینەوە مرۆڤ بەرەو دەرەنجامی لۆژیکی دەبات.

لە لایەکی دیکەوە مرۆڤ، دەتوانێت قسە لە بارەی خاڵە نێگەتیڤ و پۆزەتیڤەکانەوە بکات سەبارەت بەوەی کە خودی شاعیریش مەعریفەیەکی رەخنەیی هەیە. برێک خۆڕێکخستنی خودیش لە داهێنەرێک دەخوازرێت لە پرۆسەی وەرگێڕانی ئیلهام یا هەرجۆرێکی دیکە لە جۆرەکانی هاندان بۆ «شێوە». ئەمەش بەشێوەیەکی جەوهەری جیاوازە لە ئامادەکردنی ئەکادیمی کە دەچێتە چوارچێوەی بەرهەمێکی پیشەییەوە، (جان کۆکتۆ) ئەوەی روونکردۆتەوە کە کارەکە بۆ رەخنەگر بەجێبهێڵرێت بۆ ئەوەی بۆ دانەر دەربکەوێت کە خۆی بەکردەیی چیکردووە.

لەڕاستیدا زۆرێک لە رەخنە جیددییەکان کە لە ئێستادا بەرهەم دێن بەتەواوی دوورن لە دانەرە بنەڕەتییەکەی ئیدی ئەگەر لە ژیاندا مابێت یا نا، ئەمەش سەردەکێشی بۆ راستییەکی دیکەی گرنگ کە لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە مومارەسەی رەخنەیی پێویستە بەشێوەیەکی تەواو سەربەخۆ لە مومارەسەی ئەفراندنی پێشوو ئەنجام بدرێت، پرەنسیپێکی جەوهەری هەیە کە حوکمی رەخنە دەکات ئەویش لەوەدا نومایان دەکات کە: تێکست تاکە شتێکە دەبێت بەشێوەیەکی تەواو بەهەند وەربگیرێت، ئەمەش شاعیرەکان ئاسوودە دەکات و هەلی ئەوەیان بۆ دەڕەخسێت کە چێژ لە بێدەنگی وەربگرن و گوزارشت لە بێ بایەخی خۆیان بکەن بەرامبەر بەرەخنەگرەکان لە کاتی پرۆسەی رەخنەدا، (برۆکس و سبزەرو لانسۆن) کە کارەکانیان وەکو زۆر لەوانەی دیکە وایە، وای دەبینن کە خوێندنەوەی تێکست جەوهەری دروستی ستایلە رەخنەییەکەیانە.

لەگەڵ ئەوەشدا مشتومڕی نێوان شاعیرو رەخنەگر بەردەوامدەبێت، دوور لە هەر هەڵوێستێک لە هەر پێشکەوتنێکی وەدەسهاتوو، هێشتاش شاعیر هەست بەپاڵنەرێکی زۆر دەکات لەبەرئەوەی خۆی گوزارشت لە خۆی و کارەکەی دەکات هەموو هونەرمەندان پێیان وایە کە شیاوتر وایە کە بەقووڵی بیر لە شوناس و بەرهەمی خۆیان بکەنەوە، ئەوەش ئەگەری ئەوە هەیە کە ئەمجۆرە کارە درێژە بکێشێ کە گیانی داهێنان دەوروژێنێ وەکو یەکێک لە توانستە عەقڵییە ناوەنجییەکان «مەبەستەکان لێی بڕیاردانە لەسەر خود یان بەهانەی خودییە». دەستنیشانکردنی ئەو

سروشتەی کە نموونەی ئەمجۆرە مومارەسانە کۆت و بەند دەکات هەمیشە کارێکی شیاوە، کاری شاعیر وەکو کاری هەر هونەرمەندێکی دیکە وایە کە پێویستییەکی زۆری هەیە بەوەی کە بەهەند وەبگیرێت لە لایەن رەخنەگرە پسپۆرەکانەوە کە دەیەوێت بە شێوەیەکی بابەتییانەو زانستیانە هەڵسەنگێنرێت. لەم قۆناغەدا جیاوازییە بنەڕەتییەکانی نێوان کارە دیارەکان و ئەو کارانەی کە هیچ بەهایەکیان تێدا فەراهەم نییە. دەردەکەوێت هەمیشە مەسەلەی جیاکردنەوەی (ئەم لە ئەو) دەگەڕێتەوە بۆ رەخنەگر، پێویستە لەسەر رەخنەگر هەوڵی خۆی بخاتە گەڕ بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر خوێنەری ئاسایی دابنێت تا وای لێ بکات کە کەسی بلیمەت جیابکاتەوە لە کەسێک کە خاوەن توانستێکی مامناوەندی یان خاکییە، رەنگە ئەم پێویستییە بەشێوەیەکی قووڵ ئێستا هەستی پێنەکرێت، بەهۆی زۆری بەرهەمەکانەوە.

**سێ ئاست بۆ رەخنە:**

(سیوبیدت) جیاکەرەوەیەکی بنەڕەتی دادەنێت لەنێوان دوو ئاستی جیاجیای رەخنە: رەخنەی کەسێکی رۆشنبیری سەرشەقام، رەخنەی خودی نووسەر لەگەڵ رەخنەی رەخنەگرێکی پسپۆر، پێویستە روانینێکی روون و ئاشکرا هەبێت لە بارەی ئەو جۆری رەخنەیە کە لە خەیاڵی مرۆڤدا هەیە، شیعر بۆ جەماوەر بەرهەمدەهێنرێت نەک بۆ شاعیرو رەخنەگرەکان، لەبەرئەوە هەڵسەنگاندنی دروست ئەوەیە کە تا ئەوپەڕی رادە پابەندبێت بەچالاکی و سەلیقە لە ماددەکەدا، لەم دەرئەنجامەشەوە چاوەڕوان دەکرێت لە کەسی شەقامی رۆشنبیری کە پەرچەکردارێکی غەریزی هەبێت بۆ مومارەسەکردنی مافدارێتی خۆی لە هەڵهێنجانی فەرمانە تایبەتییەکانی پاش ئەو پابەندبوونە بەچالاکی و سەلیقەوە، ئەو فەرمانەش لەسەر چەشە یان بەها یا هەردووکیان پێکەوە دەوەستێت. هەرچەندە کەوا سیستەمی پەروەردەیی سەرکەوتوو بێت لە پەنای چەشەی زۆرینەدا، ئەوا بەشێوەیەک میکانیکییانە بۆ مرۆڤ ئاسان دەبێت کە وێنای قۆناغێک بکات کە چەشەی گشتی هاوجورتبێت لەگەڵ بەهای حەقیقەت.

سبنغرام جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هاوجووتبوونی یا هاوکاتبوونی بلیمەتی لەگەڵ چەشەدا دەستکەوتی بنەڕەتی رەخنەی نوییە. ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کە بەهرەی ئەفراندن و بەهرەی رەخنەگرانە پێویستە یەک رەهەندی جیاواز پێکبهێنن. (کریسۆ)سوورە لەسەر ئەوەی کە جیاوازی بکرێت لەنێوان: رەخنەی خودی نووسەرەکان و رەخنەی رەخنەگرەکان، لە حاڵەتی هەر نووسەرێکدا، رەخنە تەمسیلی مومارەسەی ئاگایی خودی دەکات، ئەو نووسەرەیە داهێنان دەستپێدەکات پێش ئەوەی بگاتە قۆناغی ئاگایی بەشێوەیەکی پلە پلەیی، ئەوەی کە بەراستی پێشتر داهێنانەکەی لەسەری بووە کە تایبەت بەبابەتەکەو پلەی کاریگەرییەکەی، پێشتر ئەمە روون بۆتەوە کە نموونە ئەمجۆرە چالاکییانە لە کردەی ئەفراندنەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش ناکرێت هەڵسەنگێنرێت ئەگەر سروشتە پەتییەکەی لەسەر نەبێت، واتا بابەتییانەبێت و هیچ لایەنگیرییەکی تێدانەبێت، سیستماتیک و ئەکادیمیانەبێت ئەم دوانە تایبەتمەندی رەخنەن کە تەرخانن بۆ توانایەکی سەربەخۆ، کارەکە بەجێهێڵراوە بۆ رەخنەگر تاوەکو ئاوا دەستپێبکات کە ببێت بەخوێنەرێکی ئاسایی هەر دەقێک و پاشانیش فەرمانێک هەڵهێنجێ کە لەسەر هاوجووتبوونێکی تەواو راگیر ببێت بۆ چەشە (خودی و هەروەها رۆشنبیری کە ئەندازەیەکی باشی زانیاری هەبێت) لەگەڵ بلیمەتیدا (کە ملکەچبێت بۆ بابەتێکی) کاتێکیش هەر داهێنەرێک بە گرنگییەکەوە خۆی دەردەخات پاڵنەرەکەی خودی خۆیەتی، رەخنەگریش لە مەودای کارامەییەکەیەوە دەردەکەوێت کە مەوزووعییەتێکی بەرپرسیارییەوە حوکمی بەسەردا دەکرێت، ئەمە ئەو فاکتەرەیە کە وادەکات رەخنەی نوێ بەبەردەوامی سەرنجی مرۆڤ بۆ تێکست رابکێشێت، واتا ملکەچبوونی نووسەر بۆ کۆمەڵێک نموونەی پێوەری فەرهەنگی و ئیعرابی و ستایلی، بۆ ئەوەی پاش ئەو کارەش هەڵسەنگاندن خاڵە پۆزەتیڤەکانی کاری نووسراو لەسەر روخسارە نائەدەبییەکانی وەکو ورووژاندن و دۆخی دەروونی و ئاگایی کۆمەڵایەتی و پابەندبوونی

سیاسی و هتد، دابمەزرێنێت، ریچاردز زۆر دوور دەڕوات تا ئاستێک کە وای لێدەکات سنووری ئەوە ببەزێنێ کە پێی دەڵێن: (پچڕانی پەیوەندی یادەوەری) بەئاراستەی ئەو رەگەزانەش فراواندەبێت کە جەماوەرو نووسەرەکان خۆیان مەیلیان هەیە بۆی و رۆڵێکی پێدەبەخشن لە کردەی پێکهێنانی کاری ئەدەبی.

**رەخنەو گەیاندن**

بەئاسانی مرۆڤ ناتوانێت لە حەقیقەتێک غافڵگیربێت کە شادی نابەخشێت، رەخنەگر بەشێوە هونەری و شیکارییەکی گەیشتووەتە رادەیەک وادەکات بەشێوەیەک دەربکەوێت وەکو ئەوەی کە بەپلەی یەک ئاراستەی رەخنەگرەکان کرابێت، ئەمە لە حاڵەتێکدا کە بەتەنها تایبەت نەبێت بەرەخنەگرەکان، رەخنەی زانستی لە لایەن ئەکادیمی و قوتابییانەوە دەخوێنرێتەوە نەک لە لایەن جەماوەرەوە ژمارەیەکی زۆری رەخنەگرەکان ئەم دۆخەیان هەست پێکردووە لەبەرئەوە ئەوان هەوڵدەدەن گەڕانەکانیان ئاسان بکەن بەدوای هۆکارەکانی بڵاوبوونەوە، لەبەرئەوەی دوورەپەرێزدەبن دەبنە جێگای رەخنەگرتن لای هاوکارەکانیانەوە، بەڵام هەردەبێت بەدوای رێگەیەکی مامناوەندیدا بگەڕێن لەنێوان تەکنیک و توانای تێگەیشتن.

مرۆڤ خۆی لەشوێنێکدا دەبینێتەوە کە بەهۆکاری جیاجیا پاڵی پێوەدەنرێت بۆ گریمانەیەک، کە رەخنە بەشێوەیەکی رەها پێویست نییە بۆ چێژوەرگرتن لە شیعر، ئەمەش لە سنووری خۆی و ئەو ناکۆکییەی کە تێیدایە، ئەوەش پرەنسیپێکی ئیستاتیکییە. هونەر ئیکتیفایەکی خودییە لە کاتێکدا رەخنە زانستێکە کە پشتدەبەستێت بەهونەرو ئیلهامیشی لێوە وەردەگرێت و بەشێوەیەکی جەوهەری لێشی جیادەبێتەوە، رەنگە گەیشتن بەچارەسەرێک شیاوبێت لەرێگای کردەی یەکسانکردن لەنێوان هەردوولا پێویستە رەخنەی زانستی هەنگاوێکی دوورتر بهاوێت، لە هەمان کاتدا دڵنیابێت لەوەی کە بەشێوەیەکی دروست برێکی کەم لە قوتابییان تێیدەگەن، ئەویش ئەوانەی کە لە ماوەی قۆناغەکانی خوێندنیاندا بەدوایدا دەگەڕێن دواجار ئەو کارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کەسانە لەبەرئەوەی مەعریفەی خۆیان خستەڕوو ئاسانیانکرد لەرێگای ئەو کەناڵانەی کە کۆمەڵێک لە ئیشکەرەکان دەستەبەریان کردووە لەناو پسپۆڕێتی خۆیاندا، جا چارەسەر لە دووتوێی پەیڕەوکردنی سەرنجخوازی تەقلیدیدانییە، بەڵکو لەناو پێکهاتەیەکدایە لە دەروونناسی و فەلسەفەو لاهوت و کۆمەڵناسی و بوارەکانی دیکەی مەعریفە کاتێک کە نۆرمە زانستییەکان دادەشکێنرێن، دواجار ئەو داشکاندنە ئاوا لەسەر هەموو ئاستەکانی دیکە روودەدات.

پێویستە رەخنە وەڵامدانەوەیەکی هەبێت بۆ تایبەتمەندییەکانی خۆی وەکو زانستێکی سەربەخۆ، ئەو تایبەتمەندییانەش شیاوی گۆڕان نین، بەڵام ئەگەر ویستی بمێنێتەوە، ئەوا پێویستە داهاتووی تایبەتی خۆی دەستەبەر بکات ئیدی ئەوە چ لە ئاستی داواکاری خۆی بێت وەکو پێویستییەکی زۆر یان لە ئاستی پەیوەندیدابێت وا دادەنرێت کە هەڵێکی گونجاوی باوە بۆ ئاشکرابوونی ئەوەی کە لەناو تێکستەکەدا خۆی حەشارداوە، هەروەک پێویستە لەسەر رەخنەگر کە خۆی بگۆڕێت بۆ مومارەسەیەک و هانی ئەوە بدات کە چێژ لە ئاشکراکردنی ئەو راستییە ناسراوانە وەربگیرێت کە هێشتا ئاشکرا نەبوون، مەبەستمان خودی قەسیدەکەیە. ئەگەر شیعر هێشتا مومارەسەی قووتە سیحرییەکەی خۆی بکات لەسەر بەشێکی زۆری جەماوەر، ئەوا پێویستە رەخنەش لە پایەی ئەو راستییە سادەیە کەم نەکاتەوە کە دەڵێت، زۆرینەی خەڵکی لەگەڵ شیعردا دەگونجێن بەکردەی پێویستییەکی مرۆیی، لەبەرئەوەی سەرچاوەی تێربوونی ئیستاتیکییانەو (سەرچاوەی چێژی هەستەکییە)، دۆزینەوەی راستیشە (بنەڕەتی هەستکردنە)، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆک فەزڵی دەدرێت بەسەر شیکردنەوەی شێوە، رەخنەگریش ئەوە باش دەزانێت کە شێوەو ناوەڕۆک دوو شتی زۆر لە یەک جیاوازن.

**سەرچاوە:**
**الثقافه الاجنبيه، عدد ٢، سنه ٢٠٠٤**
**ترجمه: ناطق الخلوصی**